# بنچینەیاسای ئێراق: ئیسلام و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ

## شاخەوان شۆڕش

بەپێی ئەو بنچینەیاسا هەمیشەییەی کە لە 29 ئۆگستی 2005دا پەسندکرا, ڕۆڵی زیاتر درایەتە ئایینی ئیسلام, بەپێی ئەرتیکلی دوو, خاڵی یەکەم, برگەی (ا) و (ب): *ئایینی ئیسلام بنچینەی یاسادانانە. نابێت هیچ یاسایەکی ناتەبا/ دژ لەگەڵ حوکمە جێگیرەکانی (بڕیار یا یاسا بنچینەییەکانی) ئیسلام دەربچێت. نابێت هیچ یاسایەکی ناتەبا/دژ لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسی دەربچێت. خاڵی دووەم: ئەو بنچینەیاسایە گەرەنتی پارێزگاری ناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی گەلی ئێراق دەکات. هەروەها گەرەنتی مافی ئایینی هەموو تاکەکانی دیکە لە ئازادی بڕوا و پەیڕەوی ئایینیەکانیاندا دەکات*[1].

وەکو یاساکاتیەکە ئەو بنچینەیاسایە جەخت لەسەر پرەنسیپ و مافە بنچینەییەکان کە تارادەیەکی زۆر لەگەڵ یاسا و بڕیارە نێونەتەوەیەکاندا گونجاوە, کراوەتەوە. جەخت لەسەر پرەنسیپە دیموکراسیەکان کراوەتەوە. جەخت لەسەر مافی هاوڵاتیان کراوەتەوە. ئەوە لە دەروازەی دووەمی بنچینەیاساکەدا گوزارشت کراوە.
ئەوەی بە ناچاری دەبێتەهۆی پرسیاردانان و سەبارەت بە مافەکان کێشەئامێزە, ڕۆڵی بنچینەیی و سەرەکی ئایینی ئیسلامە کە لە ئەرتیکلی دوودا گوزارشت کراوە. ئەرتیکلەکە دوو جۆرە لێکدانەوە و بۆچوون لەخۆی دەگرێت. دەبێ ڕێزی هەردوولا وەکویەک بگیرێت. لەلایەک ئەو یاسایانەی دەردەچن دەبێ لەگەڵ بنچینە جێگیرەکانی ئیسلام ناتەبا نەبن, لەلایەکی دیکە نابێ دژی یا ناتەبابن لەگەڵ پرەنسیپە دیموکراسیەکان یا ئەو مافانەی کە لە بنچینەیاساکەدا هاتوون. چۆن دەکرێ یاسایەک بتوانێ تەبامەندی هەمەولایەک وەرگرێت, لەکاتێکدا پرەنسیپی دژ بەیەک تێکەڵی پرۆسەی یاسادانان کراون؟
موسوڵمانەکانی جیهان پەسندی تەواوی مافە گەردونیەکانی نەتەوەیەکگرتوەکانیان نەکردووە و بە چاوی ڕەخنە لەو ماف و پرەنسیپانە دەڕوانن. ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی OIC کە نوێنەرایەتی هەموو وڵاتە موسوڵمانەکانی جیهان دەکات, لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی بۆ مافەکانی مرۆڤ هەیە. ئەوە بەئەگەری زۆر لەبەرئەوەیە موسوڵمانەکان و ڕژێمەکانیان وابەستەی توندی ئایینی ئیسلامن, ئەو ئایینەی کە مافەکان, ئەرکەکان, یەکسانی و ئازادی تاکەکان لەلایەن خۆیەوە بە دیدێکی ئیسلامانە دیاردەکات. ئەو مافانە دەبێ بە شێوەیەک کە تەبابێت لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی شەریعە پەیڕەو بکرێن[2].
دیارە جیاوازی لە نێوان تێگەیشتن و لێکدانەوەی UN و OIC هەیە. شایانی گوتنە لە ئێراقدا کەسایەتی ئایینی دەسەڵاتدار (بۆنمونە عەلی سیستانی) هەوڵی سەپاندنی یاسا و نۆرمەکانی ئیسلام شێلگیرانە دەدەن. ئیسلامیستەکان, واتە ئەوانەی وەکو ئایدۆلۆژیا و ئایین سەیری ئایینی ئیسلام دەکەن, لەگەڵ لێکدانەوەیەکی ئیسلامیستانەی مافەکانی مرۆڤن. ئەگەر نەڵێین هەموو ئەوانە, دەتوانین بڵێین زۆربەی ڕەهای ئەوانە بە چاوی گومان دەڕواننە ئەو جۆرە تێگەیشتنەی ڕۆژئاوا بۆ مافەکانی مرۆڤ هەیەتی. بۆیە بۆ ئەو سەرکردە ئایینیانە ئاسان نییە پەسندی پرەنسیپێک کە لەگەڵ هی ئەوان یەک نییە یا ڕۆژئاواییە, بکەن. نمونەیەکی سادە, کچێکی لاو بۆی هەیە زگی ڕووت بکات و بازنەیەک بە ناوکیەوە بکات, ئەوە بە پێی مافی ئازادی تاک لە کۆمەڵگەی مۆدێرن و دیموکراسیانە ئاساییە, بەڵام ئایا ئیسلامیستەکان دەتوانن ئەوە پەسند بکەن؟ ئەوە بەپێی شەریعە ڕێگای نەدراوە.

پرسیاری گونجاو لێرەدا ئەوەیە, بڕیارە جێگیرەکانی یا یاسا بنچینەییەکانی ئیسلام چین؟ وەکو لە ئەرتیکلی 2, برگەی 1 (ا) نوسراوە. لە یاساکاتیەکە نوسرابوو "پرەنسیپە گەردونیەکانی ئیسلام", ئەوجارەیان ئەو چەمکە گۆڕدراوە بۆ "بڕیارە جێگیرەکانی ئیسلام". پرسیارەکە بۆ چەمکەکەی یاساکاتیەکەش گونجاوە. واتە دەکرێ بپرسین, مەبەست لە پرەنسیپە گەردونیەکانی ئیسلام چییە؟ ئەو چەمکانە هەردووکیان و هەردوو جۆری دەربڕین زۆر پانوپۆڕن و واتایان و لێکدانەوەیان ئاسان نییە و کێشەئامێزن. چونکە ئیسلامیستەکان لێکدانەوەی جودایان بۆ ئەو چەمکە یا چەمکانە هەیە. ئایا مەبەست لە بڕیارە جێگیرەکانی ئیسلام, ئەو یاسایانەیە کە لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی ئاماژەی بۆ کراوە؟ ئایا ئەوە ئەو بڕیار و یاسایانەن کە ئیسلامیستە ڕادیکاڵەکانی وەکو بۆنمونە خومەینی, عەبدولعەلای مەودودی و سەید قوتب لێی دەدوێن؟ ئایا

ئەو یاسایانەن کە هەندێ لە ئیسلامیستە لیبرالەکان لەسەری تەبان؟ ئیسلامیستەکان لە ڕادیکالەکانەوە بۆ لیبرالەکانیان تێگەیشتنی جودایان بۆ ماف و ئەرکەکان هەیە. ئەوانە و گروپەکانی دیکەی ئیسلامیستەکان وەکو ئەهوەنەکان و ڕیفۆرمیستەکان تائێستا نەیانتوانیوە لەسەر شێوەیەکی تایبەت و ستاندارد سەبارەت بە مافی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی ئازادی و یەکسانی تەبابن. ڕێکخراوی OIC هەوڵی داوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکات و لێکدانەوەیەکی تایبەتی ئیسلامی بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕابگەیەنێت, بەڵام ئەو ڕێکخراوە لە ستاتە ئیسلامیستەکان و موسوڵمانەکان پێکهاتووە, ڕژێمەکانی ئەو ستاتانە زۆربەیان کێشەی ڕەوایەتیان هەیە, بۆیە ڕاگەیاندنی OIC کە لەلایەن ئەو ڕژێمانەوە پەسندکراوە, گومان لەوەدا هەیە کە لەلایەن بەشێکی ڕەنگە زۆری خەڵکی ئەو وڵاتانە بەگشتی و ئیسلامیستە ڕادیکال و توندڕەوەکان بەتایبەتی پەسند بکرێت. ئاشکرایە ڕژێمەکانی وڵاتە ئیسلامنشینەکان هەموویان یا ئاوتۆریتارین یا دیکتاتۆرین, خەڵکی ئەو وڵاتانەش ئازاد نین و لە ڕژێمەکانیان زۆر بەگلەیین.

شەریعەی ئیسلام کە زۆربەی موسوڵمانان بە یاسای ئیسلامی تێدەگەن, کێشەی جۆراوجۆری لەگەڵ پرەنسیپە مۆدێرن و دیموکراسیەکاندا هەیە, لەوانە یەکەم: شەریعە بە چاوی جودا سەیری ژن و پیاو سەبارەت بە ژنومێردایەتی, ژیانی خێزانداری, جیابوونەوە و بۆماوە (میرات) دەکات. لەو بوارانەدا, ژن هەمان مافی پیاوی نییە, بەمشێوەیە ئەوان لەو مافانەدا یەکسان نین. ئەوە بەگوێرەی مافە گەردونیەکانی مرۆڤ جوداکاریە. دووەم: شەریعە ڕێگای وەرگەڕانی موسوڵمانان بۆ ئایین و بڕوای دیکە نادات, دیارە ئەوەش ناتەبایە لەگەڵ پرەنسیپی ئازادی ئایینی. وڵاتی ئیسلامی هەیە (بۆنمونە ئێران) سزای توندی بۆ ئەوە داناوە. سێیەم: شێوەی سزادانی شەریعە جودایە لەگەڵ شێوەی سزادان لە جیهانی دیموکراسی و مۆدێرندا. بۆنمونە سعودیای عارەبی سزادانی دەستبڕین و سەربڕین بەپێی شەریعەی ئیسلامی پیادە دەکات. بڕینی ئەندامێکی لەش وەکو سزادان لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەهیچ جۆرێک جێگای نابێتەوە[3].

ئیسلامیستە ناوکگەراکان یا ئیسێنشیالیستەکانی وەکو عەبدولعەلای مەودودی[4] و ئایەتوڵلا تەشخیری[5], هەوڵی ئیسلامیزەکردنی مافەکانی مرۆڤیان لەلایەن خۆیانەوە داوە. مەودودی پێیوایە مافەکانی مرۆڤ لە یاساکانی ئیسلامەوە سەرچاوە دەگرن. ئەو جەخت لەسەر بوونی یەکسانی مرۆڤەکان لە ئیسلامدا دەکات و دەڵێت, جوداکاری سەبارەت بە ڕەگەز, ڕەنگ و نەتەوە لە ئیسلامدا نییە. بەڵام هەروەکو نوسەری ئەڵمانی هاینەر بیلەفێلد[6] دەرکی پێکردووە, ئەو خۆی لە ناوهێنانی توخم و ئایین لادەدات. تەشخیری لەلایەن خۆیەوە بانگاشەی ئەوە دەکات کەوا تێگەیشتنی تەواو لە نێوان شەریعە و مافەکانی مرۆڤدا هەیە, لەکاتێکدا ئەو بەهای مرۆڤ دابەش دەکاتەسەر دوو جۆری بەهاهەبوون. دەڵێ, هەموو مرۆڤەکان *ئەگەری* یەکسانی بەهایان هەیە, بەڵام تەنها ئەو مرۆڤانەی مەرجە ئایینیەکان پڕدەکەنەوە, ئەوانن خاوەنی بەهای یەکسانین[7].

OIC لە ڕوانگەی تێگەیشتنی ئیسلامیانەی مافەکانی مرۆڤ, جەخت لەسەر یەکسانی بەهای مرۆڤ, یەکسانی لە ئەرک و لێپرسراویدا دەکاتەوە. کێشەکە هەروەکو بیلەفیلد ئاماژەیان بۆ دەکات, یەکەم: مافی وەکویەکیی مرۆڤ بە ڕوونی گوزارشت نەکراوە و ڕوون نەکراوەتەوە. دووەم: پیاوەکانن کە ئەرکی بەرپسیاریان بەرامبەر بە بەهای خێزان هەیە. سێیەم: وەرگەڕان لە ئیسلامەوە بۆ ئایینێکی دیکە ئازاد نییە. چوارەم: لێکدانەوەی نائاسایی بۆ ئیسلام قەدەغەیە[8].

ئیسلامیستێکی ڕادیکالی بۆنمونە وەکو سەید قوتب, یەکسانی مرۆڤ بە ئازادی یا ئازادبوونی ویژدان دەبەستێتەوە. لای ئەو, ئازادی ویژدان ئەو ساتە دێتەدی, ئەگەر کەسێک بتوانێ لە ڕێگای خواپەرستیەوە بگاتە ئەو ئاستەی کە بەتەواوی دەرگای خودای بەڕووەدا دەکرێتەوە. بەمجۆرە سەید قوتب پێیوایە, هەرکاتێ مرۆڤ گەیشتە ئازادی ویژدان, ئەو کەسە دەگاتە یەکسانی. بەکورتی ئەو مرۆڤانەی لەڕێگای خواپەرستیدا ویژدانیان ئازاد دەبێت, ئەوانە یەکسانن. واتە ئەوانە لەلای خوادا یەکسانن و بەچاوی وەکویەک سەیریان دەکرێت[9]. هەروەها سەید قوتب خۆی لە لێکدانەوەکەی تەشخیری نزیک دەکاتەوە دەڵێت: "ئیسلام گەرەنتی تەواوی یەکسانی نێوان ژن و پیاوی سەبارەت بە توخمیان کردووە, جگەلە هەندێ بابەتی ڕێکەوت سەبارەت بە توانای فیزیکی, پرۆسەی ئاسایی و لێپرسراوی نەبێت. پیاو بەسەر ژناندا بەرز کراونەتەوە ئەوەش لەبەر بەرپرسیاریان سەبارەت بە باری دارایی و گوزەران"[10]. وەکو دیارە لەلای سەید قوتب, یەکسانی و ئازادی بە خواپەرستی بەستراونەتەوە. ئەو وەکو زۆربەی ئیسلامیستەکان پێیوایە یەکسانی تەواو لە نێوان هەردوو توخمی مرۆڤدا لە ئیسلامدا هەیە, بەمشێوەیە ئەو پێیوانییە بەرزکردنەوەی پیاوان بەسەر ژناندا (لەلایەن خوداوە) واتای جوداکاری و نایەکسانییە.

عەبدولکەریم سروش کە وەکو ئیسلامیستێکی لیبرال ناوی ڕۆیشتووە, پێیوایە, هیچ ناتەباییەک لە نێوان ئیسلام و ئازادی سروشتی کە لە دیموکراسیدا هەیە نییە. ئیسلام و دیموکراسی بەبێ یەکتر هەڵناکەن و ناتوانن واز لەیەکتر بێنن, چونکە تەواوکەری یەکترن و هیچ کامێکیان بەبێ ئەویتر تەواو نییە. بۆ پشتگیری ئەو گوتەیەی دەڵێت, یەکەم: بۆئەوەی مرۆڤ ببێتە ئیسلامی بەڕاستی و تەواو, دەبێ ئەو مرۆڤە ئازاد بێت. دووەم: تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئایین لەگ ڕۆیشتنی کاتدا دەگۆڕێت. تێکستەکە ناگۆڕێت, بەلام لێکدانەوەی تێکستەکە دەگۆڕێت[11]. ئەو بڕوای بە لێکدانەوەیەکی مۆدێرن بۆ تێکستەکانی قورئان هەیە, لێکدانەوەیەک کە گونجاوە لەگەڵ لێکدانەوەی مۆدێرنی چەمکی ئازادی. بەلام ئەو نایەوێت یاسای شەریعە بەلاوە بنێت.

ئەوە ڕاستە لێکدانەوەی مرۆڤ لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا گۆڕانی بەسەردا دێت ئەوە سەبارەت بەتێکستی هەر بیروباوەڕێک دەکرێ گونجاو بێت. بەلام تێکست و چەمک هەیە تەمەنی مانەوەیان درێژە و دەکرێ بەهەمان واتای سەرەتای پەیدابوونیان لێکدرێنەوە. تێکست هەیە بوار و قۆرایی لێکدانەوەی تەسک و سنوردارە و ناتوانرێ زۆر گەمەی لەگەڵدا بکرێت. لەلایەکیتر لێکدانەوەی جۆراوجۆر ناتوانێت دەقی واتای هەندێ چەمک و وشە و بوونیان لەناو ببات. بۆنمونە وشەی "کوشتن" ئێستاش هەر واتای کوشتنە و هەرچۆنی لێکدرێتەوە بوونی ئەو وشەیە و دەقی واتاکەی لەناو نابات. دیارە هەموو کات ئەوە گرنگە, کەوا کامە ڕوانگە و لێکدانەوە لە کۆمەڵگەیەکدا زاڵە. جگەلەوەی لێکدانەوەی تێکست بە پێی هەندێ ڕێچکەی مۆدێرن و پۆست مۆدێرن ئەو شێوەیە نییە کە ع. سروش ئارەزووی دەکات. لەلایەکیتر گۆڕانی لێکدانەوەی تێکست و ئازادی مرۆڤی ئیسلام, واتای ئەوە نییە ئیسلام و دیموکراسی دوو دیوی لەیەکتر جیانەکراوەی یەکترن. ڕاستە لە دیموکراسیدا مرۆڤ ئازادە لەوەی چ بیروباوەڕێک پەیڕەو دەکات, بەو واتایە مرۆڤەکان ئازادن لە هەڵبژاردن و بەمشێوەیە دەکرێ مرۆڤێکی ئازاد ئایینی ئیسلام بۆ خۆی هەڵبژێرێت. بەلام ئەو مرۆڤە ئازادە دەچێتە ناو چوارچێوەی بیروباوەڕێک کە سنور بۆ ئازادیەکەی دادەنێت. ئەو سنورانەی لە دیموکراسیدا نین. جیاوازیەکە لێرەدایە. لە دیموکراسیدا تاک ئازادە لە پیادەکردنی گەلێ دیاردە کە ڕەنگە لە لێکدانەوە مۆدێرن و لیبرالانەکەی عەبدولکەریم سروشدا ڕێگەی نەدرێت. پاشان ئیسلام و دیموکراسی دوو چەمکن لە گەلێ لایەندا لەیەکتر جیاوازن و کاتی سەرهەڵدانیان زۆر لەیەکتر جیاوازە. بەپێی ئەو گوتەیەی سەرەوەی سروش تا ئەو ساتەی دیموکراسی (بەواتا ڕۆژئاواییەکەی) نەهاتە ئاراوە ئیسلام ناتەواو بووە. بەو شێوەیە ئیسلام ئەو ساتە گەیشتە تەواویەتی خۆی کاتێ دیموکراسی لە سەردەم و دەوروبەری شۆڕشی فەرەنسا لە دایک بوو. ئەوەش لێکدانەوەیەکە ڕەنگە هیچ ئیسلامێکی لیبرالیست پەسندی نەکات. ئەگەر ئەو مەبەستیشی ئەوەیە دیموکراسی لەگەڵ لە دایکبوونی ئیسلامدا سەری هەڵداوە, ئەوە دەبێ پرسیارێکی گەورەی لەبەرامبەردا دابندرێت. ئەگەر لاملیش لەسەر ئەو بۆچوونە بکرێت, لەو بارەدا دەبێ سەیری کار و کردەوەکانی پێغەمبەری ئیسلام و ئیسلامی ئەوسا بکرێت. لەو بارەدا جگە لە خولانەوەیەکی پڕ لە واقورمان واپێدەچێ لە ڕەتکردنەوە بەولاوە چیدیکەی لێ دەست نەکەوێت.

ئیسلامیستێکی دیکەی لیبرالیست دادوەری میسری عەشماوی پێیوایە, شەریعە یاسای ئیسلام نییە, بەلام دەکرێ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەگەڵ گیانی شەریعەدا بگونجێندرێت, ئەوە ئەگەر شەریعە وەکو چەمکێکی ئیتیکی و ئایینی سەیری بکرێت نەک وەکو یاسا[12]. ئەو بۆچوونە سەیرکردنێکی کێشەئامێزە و زۆربەی ئیسلامیستەکان بەئەگەری زۆر دژی دەوەستن.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونانەی کە لە ڕوانگەی جۆراوجۆری ئیسلامیستەکانەوە لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا, دەتوانین بڵێین, جودایی لێکدانەوە و تێگەیشتن لە نێوان ئیسلامیستەکاندا سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ هەیە. ئەوان زۆریان پێ دادەگرن لەسەر یەکخستنی بنەمائیسلامیەکان (بنەما ئیسیلامیەکان ئەوانیش لێکدانەوەی جودایان لەلایەن ئیسلامیستەکاندا بۆ دەکرێت) لەگەڵ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ. زۆریان لەهەمان کاتدا هەوڵ دەدەن پەردە بخەنەسەر ئەو جیاوازیانەی کە لە ڕاستیدا لە نێوان ئەو دوو تێگەیشتنەدا هەن.

بنچینەیاسای ئێراق پێناسەی ڕوونی بڕیار و یاسا بنچینەییەکانی ئیسلامی نەکردووە و ئاماژەشی بە سەرچاوەیەکی دیاریکراو نەکردووە. بۆیە دەکرێ لەمبارەدا کێشەی لێکدانەوە ڕوو بدەن. ئەو ناتەبایی و جیاوازیەی کە لە نێوان تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئیسلامیستەکان و UN دا سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ هەن, دەکرێ ببنەهۆی نانەوەی کێشە بۆ پێشنیار و پەسندکردنی یاسا کە بە پرەنسیپەکانی ئازادی, یەکسانی, ماف و ئەرکی تاکەکانەوە پەیوەستدارن. ئەوەی کە دەکرێ بارەکە پڕ کێشەتر بکات, ناتەبایی ناوخۆیی موسوڵمان و ئیسلامیستەکانە لە لێکدانەویان بۆ مافەکان.

داخوازی مافەکانی مرۆڤ تەریبیانە لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە گۆڕانیان بەسەردا دێت لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا. دیاردە و فەنۆمینی نوێ دەردەکەون کە ڕێگەپێدان و ئازادی دەخوازن. دیاردەی ئەوها هەن کە لە جیهانی پێشکەوتوو و مۆدێرندا ناسراون, بەڵام لە جیهانی سێیەم بەگشتی و وڵاتانی موسوڵمان بەتایبەتی زۆر نوێن یا هەر نین. بۆنمونە دیاردەی وەکو بیروباوەڕی ئایینی یا نائایینی نوێ, هۆمۆکان و داواکاریان بۆ ئازادی و مافی خێزان دروستکردن, هەڵسوکەوتی تاک کە نائاسایی و ناترادیسیونالانەن, هەموو ئەوانە کە دەکرێ لە جیهانی مۆدێرندا ڕێگەیان پێدرێت, بەڵام زۆرسەختە لە جیهانی موسوڵماناندا ڕێگەیان پێبدرێت. گەلێ لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئێستاش کێشەیان لە پەسندکردنی بۆنمونە داوای هۆمۆکان بۆ دروستکردنی خێزان, هەروەها مافی لەبارچواندن هەیە, چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت داواکاری لەو شێوانە لە ستاتە موسڵمان و ئیسلامیەکاندا تووشی کێشەی زۆر سەختر و گەورەتر ببنەوە, ئەوە ئەگەر هەرگیز بتوانرێ پێشنیار بکرێن.

مەبەستی سەرکی لێرەدا, جگەلە جیاوازیە کلاسیکیەکانی نێوان ئیسلام و دیموکراسی, بەڵکو جوداییە نوێکان کە لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدەن, ئەوانیش دەکرێ کێشە دروست بکەن و بەمجۆرە بۆشایی نێوان ئیسلامیستەکان و دیموکراسیخواز و ئازادیخوازە مۆدێرنەکان گەورەتر و فراوانتر بکەن. بەگوێرەی بنچینەیاسای ئێراق بوونی دیاردە یا بیر و کرداری نوێی ناتەبا لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام ڕێگەی یاساییانەی پێنادرێت. بۆیە ئەگەری گەماڕۆ و سەرکوتکردنیان زۆرە.

**11.10.2005**

---

[1] The Associated Press, Text of the draft Iraqi Constitution,
http://www.usatoday.com/news/world/iraq/2005-08-24-iraqi-constitution-draft_x.htm
النص الكامل للدستور المعد للاستفتاء, http://web.krg.org/articles/article_detail.asp - 29Aug

[2] Simonsen, Jørgen Bæk: Det retfærdige samfund, om Islam, muslimer og etik, samleren 2001, PP. 151.

[3] Bielefeldt, Heiner, “”Western” versus “Islamic” Human Rights Conceptions? A Critique of Cultural Essentialism in the Discussion on Human Rights”, *Political Theory*, Vol. 28, No. 1, 2000, pp.103.

[4] عەبدول عەلای مەودودی لە کتێبی "مافی مرۆڤ لە ئیسلامدا" هەوڵی ئیسلامیزەکردنی مافەکانی مرۆڤی داوە.

[5] ئایەتوڵلا تشخیری لە کۆنفرانسێکدا لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە تاران لە 1994دا بابەتێکی پێشکەشکردووە, بیلەفێلد لە وتارەکەی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکات و تاوتوێی کردووە.

[6] هاینەر بیلەفێلد لێکۆڵەرێکی ئەڵمانییە و وتارێکی سەبارەت بە لێکدانەوەی ڕۆژئاوا و ئیسلام بۆ مافەکانی مرۆڤ نوسیووە.

[7] Heiner Bielefeldt, ”Western” versus “Islamic” Human Rights Conceptions? A Critique of Cultural Essentialism in the Discussion on Human Rights”, *Political Theory*, Vol. 28, No. 1, 2000, pp.104.

[8] هەمان سەرچاوە لاپەڕە, 105.

[9] Sayyid Qutb 2000: *Social Justice in Islam*. Translated from the Arabic by John B. Hardie, Translation Revised and Introduction by Hamid Algar, New York, Islamic Publications International. pp. 68.

[10] هەمان سەرچاوە, لاپەڕە 73–74.

[11] Wright, Robin, 1996: “Islam and Democracy: Two Visions of Reformation”, in *Journal of Democracy* April 1996, Vol. 7, No. 2. pp. 68.

[12] Heiner Bielefeldt, pp. 109.

بۆ سەیری بابەتی دیکەم
www.kadirshorsh.com